# کورد، میدیا، ڕاگەیاندن

**ڕزگار بەهاری**

ئەمڕۆکە «میدیا» لە کاریگەرترین هۆکارەکانی قەبارەگرتن و دارشتنەوەی ژیانی خەڵکە و ڕۆڵی بەرچاو لە ئاراستە کردنی کۆمەڵگەدا دەگێرێت. بەهۆی ئەو کاریگەرییەی هەیەتی، کەڵکوەرگرتن لەم ئامرازە لە ڕۆژەڤی سەرجەم سیستەم، دەوڵەت، ڕەوتی جیاوازی فکری، سیاسی، ئایدۆلۆژی، کۆمپانیی بازرگانی، ڕێکخراوەی مەدەنی و پاراستنی مافەکان و یەکەکانی خوارووتر جێی گرتووە.

## شەڕی سارد (Cold War)

شەڕی سارد بەشێکە لە ململانێی نێوان دوو لایەن و دەکرێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بکرێت. هەرکات دوو هێز ناچار بە ئاگربەست بکرێن یان شەڕی گەرم لە بەرژەوەندیی هەردوولا نەمێنێت و هاوکات سوور بن لەسەر دژایەتیی یەکتر، شەڕی سارد دێتە ئاراوە. بواری سەربازی پەرەپێئەدەن، خۆیان پڕچەک دەکەن، دەکەونە ململانێی ئابووری، باڵ و هاوپەیمانەکانی یەکتر دەشکێنن و لاوازیان دەکەن وەک چۆن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، باڵەکانی ڕووسیا کە پێک دەهاتن لە ئەفغانستان، عێراق، سووریا و ئیستاکەش ئێران، یەک لەدوای یەک دەشکێنێت.

پاش شەڕی سارد، ململانێکان لەو چوارچێوەیەدا قەتیس نامێنێت و شەڕی نەرم بەڕێی میدیاکانیش هەڵدەگیرسێت؛ میدیا یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکانی جیهانی ئەمڕۆیە و هەر دەوڵەت و دەسەڵاتێک پشتی پێ دەبەستێت. بەگشتیی دەتوانین میدیا بە باڵ و دەنگی دەسەڵات پێناسە بکەین بە جۆرێک کە میدیای هەر لایەنێک بەهێزتر بێت، سەرنجی خەڵکانی زیاتر ڕادەکێشێت و لە شەڕی نەرمدا هەژموونی گشتگیرترە. خوێندنەوە و پێناسەی جیاواز بۆ میدیا هەیە؛ هەندێک جار بە دەوڵەتی شاراوە و هەندێک جاریش بە هێزی جێگرەوەی سەربازی و هێڵی هاوتەریبی ناو دەسەڵاتێک پێناسە دەکرێت چونکە دەتوانێت جومگەکانی کۆمەڵگە بتەنێتەوە.

## شەڕی نەرم (Soft War)

دەکرێ شەڕی نەرم (لە ڕێی میدیاوە) لە شەڕی سەربازی کاریگەرتر و مەترسیدارتر بێت؛ لە شەڕی سەربازیدا، دوژمن لوولەی چەکی بەرانبەر گرتووە و شەڕی ڕاگەیاندووە؛ لەئاکامدا هەستی نەتەوەیی و بەرگریی دەورووژێت و یەکئالی و یەکڕیزی ساز دەبێت، بەڵام ئەگەر ئاستی زانستی میدیای کۆمەڵگە بەرز نەبێت، دوژمن میدیا بەکار دەهێنێت و لەو ڕێگەیەوە ڕاستییەکان دەشێوێنێت و کۆمەڵگە و ڕای گشتی، لە بەرژەوەندیی خۆی ئاراستە دەکات. دەتوانێت ناکۆکی لە ناو بەرانبەرەکەی چێ بکات و تەنانەت سۆزی ڕای گشتی بۆ خۆی ڕابکێشێت. دوژمن پڕوپاگەندە بۆ کلتووری خۆی دەکات و هەژموونی خۆی لە ڕێی میدیا و لە چوارچێوەی شەڕی نەرمدا دەسەپێنێت. بۆ وێنە وڵاتی تورکیا لە ڕێی زنجیرە فیلمەکانی، دزەی کردووەتە نێو زەینی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین و تەنانەت گەلی کورد. تاکی کورد بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، بە بڵاوکردنەوەی مۆسیقا و برگە تورکییەکان، دەبێتە بەشێک لە شەڕی نەرمی تورکیا دژ بە خۆی. ئەم ڕەوتە بەردەوام بوو تا ساڵی ڕابردوو کە ڕژێمی تورک هێرشی زیاتری کردە سەر ڕۆژاوای کوردستان و هێزی ناردە باکووری لیبیا. ئەوکات بوو کە وڵاتانی عەرەبی هەستیان بە پیلانی تورکیا بۆ خۆسەپاندن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناویندا کرد و یەکێک لەو هەڵوێستانەی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی دژی ئەم وڵاتە گرتیان، ئەوە بوو کە پەخشی زنجیرە فیلمە تورکیەکانیان ڕاگرت. هاوکات چەند میدیای باشووری کوردستانیش بە هەمان شێوە کۆتاییان بە پەخشی زنجیرە تورکییەکان هێنا.

بەگشتیی، شەڕی نەرم بریتییە لە بەئامانجگرتنی کلتوور، سیاسەت، زمان، ئابووری، ئامانج، پیرۆزییەکان، ناسنامە، جلوبەرگ و سەرجەم هەبووە نەتەوەییەکانی گەلێک لە لایەن دوژمنەوە، کە هۆکارن بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن. لە شەڕی نەرمدا کە بەڕێی کەرستە ئەمڕۆییەکانی وەک میدیا و سۆشیال میدیا پێش دەخرێت، شەڕی دەروونی ڕێک دەخرێت و لە ڕێی پڕوپاگەندە، دەستکەوت و ستراتیژییەکان دەکەوێتە مەترسییەوە. دەسەڵاتی ئیستاکەی

ئێران بەگشـــتیی لە ژێر دەســـتی کەمینەی فارســـی ناوەندی جوگرافیای ئێرانە و سەدان ســـاڵە فارســـی کەمینە، بە زۆری شمشێر و بـــەو زەینیەتە دەســـەڵاتی ســـەپاندووە کە، بەهێزبوونی گەلانی دیکە بە مانای لاوازبوونی خـــۆی دەزانێت؛ بۆیە جگە لـــە بەکارهێنانی زمانی چـــەک، هاوکات شـــەڕی دەروونی و نەرمی بۆ داپڵۆسین و ژێردەستهێشتنەوەی گەلانی دیکە بەکار هێناوە.

بڵاوکردنـــەوەی زنجیـــرەی «نـــونخ»، هەرچەند لە لایـــەن دەرهێنەرێکی بە ڕەگەز کوردەوە ساز کرابوو، دوایین بەرهەمی بەرچاو بوو کە لە چوارچێوەی شـــەڕی نەرمی دژی کورد لە میدیای فەرمیی کۆماری ئیســـلامی بـــڵاو بوویەوە ولـــە پێڕی کۆمێدیـــدا، زمان، کلتوور، جلوبەرگ و شارستانیەتی کورد کرایە ئامانج. کاریگەرییەکانی شـــەڕی نەرم وەهایە کە تەنانەت زۆربەی ئەکتەرەکانی کورد بوون و بەشـــێکی بەرچاو لـــە کۆمەڵگەی کوردی شەوانە بەدیار ئەم زنجیرە فیلمەوە دادەنیشتن و دڵگـــران نەدەبوون بەو ســـووکایەتییەی بە هەبووەکانیان دەکرێت. سیاسەتی دەرهێنانی ئـــەو فیلمە وەها بووە کە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان، بە زانســـت، ئەکتـــەری لاواز و نەریتییـــان بۆ دەســـتبژێر کـــردووە. هەمان سیاسەت بەرانبەر گەلانی دیکەی نیشتەجێی باکـــووری ڕۆژاوا، باکوور و باشـــووری ئێران پەیڕەو کراوە؛ ئازەرییـــەکان و باکوورییەکان، نارەزایەتییان نواند و لـــە ئاکامی نارەزایەتیی ئازەریەکان، بەرنامەی «فیتیلە» ڕاگیرا و پاش گردبوونەوەی گیلانییەکان لە بەردەم ناوەندی ڕاگەیاندنی پارێزگای گیلان، لە بابەت پەخشی زنجیرەی «وارش»، ڕژێم لـــە ڕێی پارێزگار و میدیاکانـــەوە دڵنەواییی دانیشـــتوانی دایەوە؛ کەچی لە پارێـــزگا کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نارەزایەتی لەدژی پەخشی «نونخ» بەرێوە نەچوو. ســـەرەڕای هەمـــووی ئەمانە، ئەگەر ڕاگەیاندنی کـــورد بەهێز بوایە، لەبری گلەیـــی لە میدیای دوژمنان و شـــەڕی نەرم کـــە دژی لە ئارادایە، ڕاگەیاندنی خۆی بەهێز دەکرد و لـــە هەمان ســـۆنگەی «ڕاگەیاندن» داکۆکی لە گەل دەکرد.

لـــە هەمان چوارچێـــوەدا، زنجیرە فیلمی بەناوبانگـــی King Of The Ring لـــەو بەرهەمانەیە کە ســـەرەڕای ئەوەی ناوەرۆکی پێـــک هاتووە لـــە هێرش و کوشـــتن بەڵام هێندە پیشەییانە ساز کراوە کە جگە لەوەی سووکایەتی بە هیچ گەلێک ناکات و سروشتی بینەر ناشـــێوێنێ و برینداری ناکات، دەیخاتە ســـەر پێکەنین و پـــڕی دەکات لـــە هیوا و ئومێـــد، کەچی لە میدیـــای ئێراندا بۆ ئەوەی بزە بخەنە ســـەر لێوی بینەر، سووکایەتی بە گەلانی جوگرافیای (ئیســـتای) ئێران دەکەن. وێنای هاوشێوە لە بەرهەمی بڕێک شانۆکار و دەرهێنەری کورد (کـــە بەرهەمەکانیان زیاتر لە میدیای ئێـــران بڵاو دەکرێتەوە) بۆ هەمان مەبەست، جلی کوردی بە شێوازی ناباو دکەنە بەر ئەکتەر، زمانی کوردی دەشێوێنن و لەبری دیالۆگی بەهێز، جەخت لە جووڵەی نەشـــیاو دەکەنەوە کە هاوشانی کورد نیە.

کۆماری ئیســـلامی کە لـــە ڕێی دەزگای ڕاگەیاندنی خۆیەوە لە مـــاوەی چوار دەیەی ڕابردوودا شـــەڕی دەروونیی پەیڕەو کردووە، دەیـــان بەرهەمـــی ســـینەماییی پێوەندیدار بـــە کوردی بـــڵاو کردۆتەوە کە بە دەســـتی دەرهێنەری ناکورد ساز کراون. کەسانێک کە شـــارەزاییان لە ناخ و ئـــازار و کلتووری ئەم گەلە نیە، دەیان فیلمیان لە شەڕی پێشمەرگە و ســـوپای ڕژێمی ئێران بەرهەم هێناوە و لە ڕوانگـــەی خۆیانەوە کوردیان وەک ســـەربڕ، نەریتخـــواز و دواکەوتـــوو نمایـــش کردووە. لەکاتێکا کە دەبێ مێژووی کورد بە دەســـتی دەرهێنەری کـــورد بکرێتە فیلـــم و بخرێتە بەر چاوی گەلانی دیکە، کەچی لە ئیســـتادا دوژمنی کوردە کە خەریکە بەسەرهاتی کورد لە ڕوانگەی خۆیـــەوە دەگێڕێتەوە و ئەم مافە

دەیان ساڵە لە وڵاتانی دیکتاتۆری وەک ئێران پێشێل دەکرێت.

بەپێی برگەی ١٧٥ی یاسای بنەڕەتیی ئێران، بەرپرسی یەکەمی دەزگای ڕاگەیاندن لەلایەن خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە دەستنیشان دەکرێت یان لادەبرێت و ئەمەش گرنگیی پێگەی ڕاگەیاندن و ڕۆڵی ڕاستەوخۆی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەگەیەنێت لە دژی کورد. بە ئاوڕێک لە مێژووی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەبواری میدیایی، فام بە سێ بابەت دەکرێت: ١ گرنگیی میدیا ٢ ئاستی دەستتێوەردانی ڕژێم لە وڵاتانی جیهان ٣ ڕژێم لە گەمە سیاسییەکاندا کوردی لە یاد نەکردووە و بۆ شەڕی دەروونی دژی کورد دەستەوەستان نەبووە. ڕژێمی ئێران ساڵانێکی زۆرە دەیان کەناڵی ئاسمانیی وەک العالم، SaharTv ،PressTv کە بە زمانەکانی کوردی، ئینگلیسی و عەرەبی و چەندین زمانی دیکە بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە، دامەزراندووە و تەنانەت بەشێکی زۆر لە کوردانی باشوور ڕۆژانە سەیری هەواڵ و دراماکانی SaharTv دەکەن. هەروەها لەڕێی میدیاوە سیخوڕی بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە دەکات وەک ئاژانسی هەواڵی «کردپرس» کە سەر بە سپای پاسدارنە و قەرارگای ڕەمەزان بەڕێوەی دەبات. هەرچەند هەواڵەکانی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانە ڕاست بن بەڵام جگە لەوەی بە ناردنی هەواڵنێر بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان سیخوڕی بەسەر کوردەوە دەکەن، تەنیا ئەو شڕۆڤانە بڵاو دەکەنەوە کە مرۆڤی کورد دڵسارد و ناهومێد دەکات. دەستکەوتەکانی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان ڕەشبینانە باس دەکەن، کەم دەینرخێنن و هاوکات باس لە کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەران و لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکەن. ئەم ڕاگەیاندنە کە بڕێک هەواڵنێر و ڕۆژنامەوانی کوردیش لەخۆ دەگرن، تێچوویەکی زۆریان بۆ تەرخان دەکرێت و ڕۆژانە لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی و سەربازیی کورد و ئەورووپی و ئەمریکی وتووێژ دەکەن. هەروەها شرۆڤە و بابەتەکان لەچوارچێوەی شەڕی دەروونی دەستبژێر و بڵاو دەکەنەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی مژاری ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کرانەوەی چەندین ڕۆژنامەی ناوچەیی، قەرارگای ڕەمەزانی سەر بە سوپای پاسداران، گۆڤار و ڕۆژنامەی هاوتەریبی دامەزراند. لەنێو سەرنووسەرانی ئەو چاپەمەنییانە، چەکدار و فەرماندەی پێشووتری سپای پاسدارانیش هەن کە بە سپۆنسەریی و ڕێنوێنیی قەرارگای ڕەمەزان چالاکن. هەر لەو چوارچێوەیەدا لە شارەکانی ڕۆژهەڵات، ئیتلاعاتی سپای پاسداران سیخوڕەکانی وەک چالاکانی مەدەنی و ڕۆژنامەوان ناردۆتە پێشەوە کە جگە لە سیخوڕیکردن بەسەر چالاکانی مەدەنییەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، ڕەوتی هەوانێری و چالاکییە مەدەنییەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵات بگرنە دەست و بەم چەشنە، هەوڵ بۆ دەستبەسەراگرتن و نزۆککردنی چالاکیی مەدەنی و ڕاگەیاندنی خەڵکی دراوە. هەر شارەو ماڵپەڕ و پێگەی هاوتەریبی ئەلکترۆنیی بۆ دابین‌کراوە کە خەڵک بە هەواڵ و زانیاریی لۆکاڵی سەرقاڵ بکەن و زەینیان لە کوشتن و سێدارە و پیلانەکانی ڕژێم دوور بخەنەوە.

## نەبوونی میدیای پیشەیی بێلایەنی کوردی

ئەمڕۆکە «میدیا» لە کاریگەرترین هۆکارەکانی قەبارەگرتن و دارشتنەوەی ژیانی خەڵکە و ڕۆڵی بەرچاو لە ئاراستە کردنی کۆمەڵگەدا دەگێڕێت. بەهۆی ئەو کاریگەرییەی هەیەتی، کەڵکوەرگرتن لەم ئامرازە لە ڕۆژەڤی سەرجەم سیستەمە، دەوڵەت، ڕەوتی جیاوازی فکری، سیاسی، ئایدۆلۆژی، کۆمپانیی بازرگانی، ڕێکخراوەی مەدەنی و پاراستنی مافەکان و

یەکەکانی خواروتر جێی گرتووە.
مەدتیڤی (MedTv) یەکەم کەناڵی کوردی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان، شۆڕشێکی بواری ڕاگەیاندن بوو کە لە ١٥ی گوڵانی ساڵی ١٩٩٥ی زاینی لە شاری لەندەن دەستی بە وەشان کرد و دواتر لەلایەن ڕژێمی تورکەوە کەوتە بەر گوشار و داخستن. بەڵام دوابەدوا چەندین کەناڵی دیکە کرانەوە و لە ئیستادا دەیان ڕادیۆ و کەناڵی ئاسمانی و سەدان پێگەی میدیایی کوردی بوونی هەیە. گرنگتر لە ڕێژەیان، شێوازی کار کردنیانە چونکە ڕێژەیان هەرچەندە زۆربێت، بەڵام ئەگەر ئەرکی سەرەکیی خۆیان بەجێ نەهێنن و نەکەونە خزمەت بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد، بەهۆی سەرقاڵکردن و کوشتنی کات و وزەی خەڵک بە پرسی لاوەکییەوە، لەبری بەهرەڕۆڵی نەرێنییان دەبێت.
جگە لەو کەموکوریانە کە ڕەوتی کوردی بەرانبەر داگیرکەران و زلهێزە جیهانییەکان هەیەتی، نەبوونی میدیایەکی پیشەیی و ئاکادیمیی نیشتمانیی بێلایەن، وەک لاوازییەک بەرچاوە کە پرسەکانی کورد بە بێ لایەنگری بخاتە بەرچاوی دەوڵەتان و گەلانی دنیا. جگە لە شەڕێکی دەروونی کە لەلایەن داگیرکەرانەوە بەرەورووی کورد بۆتەوە، بەشێک لە میدیا و ڕاگەیاندنی کوردیش پشێوییان لەناو زەینی تاکی کورد ساز کردووە. بەگشتی سەرجەم میدیا ئاسمانییە کوردییەکان سەر بە لایەن و حیزبێکی کوردین و پەخشی بەرنامەی هەرکامیان لە بەرژەوەندیی ئەو لایەنەیە کە تێچووی دابین دەکات. تەنانەت برێکیان نەک لە بەرژەوەندیی گشتی، بەڵکوو لە چوارچێوەی کێبەرکێ و ململانێی لایەنی ڕکابەردا دامەزراون؛ بێگومان لەو هەلومەرجەدا دەنگی کورد لاواز دەبێت و جگە لەوەی دەنگی ناگاتە ناوەندە جیهانییەکان، کۆمەڵگەش بە ململانەی نێوخۆییەوە سەرقاڵ و وزەیان خەسار دەکات. بۆ وێنە لە باشووری کوردستان (بەهۆی کەشی ڕەخساو)، ڕێژەی میدیاکان زۆرە بەڵام لەبەر نەبوون یان پێمل نەبوون بە پرەنسیبە ڕۆژنامەوانییەکان و زانستی میدیایی و بەرژەوەندیی حیزبی، میدیاکان بە گشتیی لە چوارچێوەی ململانێی حیزبدا وەشان دەکەن نەک پێشخستنی پرسی کورد.
ئاکامی حیزبی بوونی میدیاکان، لە پاش چۆڵکردنی ناوچە ناکۆکیلەسەرەکانی باشووری کوردستان لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ زەق دەبێتەوەکە لە کەرکووک تا شنگال و سنووری تورکیا لە هێزە کوردییەکان چۆڵ کران و حەشدی شەعبی و سوپای بەغدا جێی گرتنەوە. میدیاکان کەوتنە هێرشی ڕاگەیاندنی سەر یەکتر و پەرتەوازەیی زیاتری لێ کەوتەوە. شیمانە دەکرێت بەبۆنەی دەسترانەگەیشتن بە میدیای بەهێز، ئازاد، سەربەخۆ و هەروەها لێشاوێک لە میدیای دەسەڵاتانی داگیرکەر و ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرای هاوتەریبی ئێرانی، وا لە کۆمەڵگە بکات تا تێپەڕاندنی قۆناغی هەڵکشان و کرانەوەی زەینی کورد لە دنیای میدیا و ڕاگەیاندن (هاوشێوەی گەلانی ناوچە)، مەودای زۆرمان لەبەر بێت.
لە ڕابردوودا هەوڵی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کردنەوەی میدیایەکی بەهێزی هاوبەشی بێلایەن سەرکەوتوو نەبووە و جێگەی میدیایەکی بەهێزی پیشەیی کە پرسی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵات تایبەت بکاتە ڕۆژەڤی جیهان، دیار و بەرچاوە؛ میدیایەک کە بتوانێت سنوورەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین ببڕێت و سیاسی و بەرپرسانی باڵای وڵاتانی زلهێز و پسپۆڕانی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژاوای جیهان پشتی پێ ببەستن. بۆ وێنە وڵاتی قەتەر لە ڕێی یەک کاناڵی «الجزیرة»وە توانیویەتی قورسایی خۆی لە دنیا بسەپێنێت، تا ڕادەیەک کە یەکێک لە مەرجەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی

عەرەبــی (بە پێشــەنگایەتیی ســعوودیا) بۆ گەڕانــەوەی قەتەر بۆ نــاو کۆمکاری عەرەبی کە گەمارۆیان خســتبووە ســەر، داخستنی ئەو کەناڵە ئاســمانییە بوو. بەهۆی هەموو ئەو نەهامەتییانەی لە مێژەوە هەتا ئیســتا ڕۆژانە بەســەر کورد دێت، وەها میدیایەک پێویستە کــە بە زمانە زیندووەکانی زاڵی دنیا وەشــان بکات. بۆ ئەم مەبەســتە، دەشــێت چەندین لایەنی سیاسی تێچووی لە ئەستۆ بگرن و داوا لە ڕۆژنامەوانانی کورد کە لە میدیا غەوارەکان چالاکن بکرێت پەیوەســتی بن؛ لە ئیســتادا دەیان میدیاکاری بە توانــای کورد لە میدیا غەوارە فارســییەکان چالاکن و بگرە لەســەر دەســتی ئەوانە کە چەندین میدیای بەهێزی فارســی توانیویانە خۆیان هەڵکشــێننە سەر. ئەگەر میدیایەکی بەهێزی کوردی هەبێت کە هاوکات مانگانەیان دابین بکات، میدیاکارانی پسپۆڕی کورد ڕوو ناکەنە میدیا فارسییەکان وتواناکانیان دەخەنە خزمەت گەلەکەیان.

نەبوونــی میدیایەکــی کــوردی لە چوار دەیە پێشتر کە خواستەکانی ڕۆژهەڵات وەک خۆی بگوازێتەوە، بــووە هۆی ئەوەی ڕژێمی خومەینی لە ڕاگەیانــدن و چاپەمەنییەکانی تارانەوە، ڕاســتییەکان پێچەوانــە بۆ گەلانی ئێران بــاس بکات. قوتبزادە کە بەرپرســی دەنگوڕەنگــی میدیــای ئەوکاتی ئێــران بوو، هەواڵەکانــی ناجوامێرانە بــە پێچەوانە باس دەکرد و ڕاســتییەکانیان بــۆ بەلاڕێدابردنی کۆمەڵانی ئێران دەشاردەوە. کۆماری ئیسلامی بەڕێی دەیان ڕاپۆرت و بۆڵتەنی چەواشەکارانە، هەواڵی درۆی سەربڕینی پاسدارانی بە دەستی پێشمەرگە و باسی دابەشکردنی کوردستانی بــڵاو دەکــردەوە و بەســتێنی هێرشــێکی هەمەلایەنە بۆســەر کوردی ڕەخساند. بەهۆی نەبوونی میدیا، ڕەوتی کــوردی، هەوڵی ئەدا دەنگــی خۆی لە ڕێــی ڕۆژنامــە و میدیای تارانەوە بگوازێتەوە بەڵام ڕێگەیان پێ نەدان؛ ڕەنگە ئەگەر لەوکاتەدا کــورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان میدیا و دەنگێکی بەهێزی هەبوایە، لانیکەم برێک لــە پیلانەکانی تارانی بە ڕێی ڕووخستنی ڕاستییەکان پووچەڵ بکردایەوە کە بووە هۆی فەرمانی جەهادی خومەینی بۆسەر ڕۆژهەڵات. پێویســتە ئاماژە بەو ڕاســتییەش بکرێت هەرچەنــد ڕاگەیاندن گرنگە بەڵام بە تەنیا بە هانــای کورد ناگات و لــە کۆتاییدا چارەنووســســاز نیە؛ ئەگەرچــی بەهاوکاریی ڕاگەیاندن ڕاســتییەکان ناشاردرێتەوە، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندیی نێوان زلهێزەکان لە ئارادا بێت، کۆمەڵکوژیی کوردان پشتگوێ دەخرێت وەک چــۆن بینیمان ڕژێمی تورک لە ماوەی ســاڵانی ڕابردوودا، لە ڕۆژاوای کوردستان بە بەرچاوی هەموو دنیاوە هێرشــی کردە سەر کــورد و دنیا لێی بێدەنگ بــوو. لەو کاتانەدا چەک و هێزی ســەربازی بە هانای کوردەوە دێــت. کەواتە هیچکام بــە تەنیا بەس نیە و پێویستە کورد لە هەر بوارێکەوە خۆی بەهێز بکات و پشت بە خۆی ببەستێت.

## پێگەی ڕاگەیاندنی کوردیی

لە دەیەکانی ۱۹۹۰-۲۰۱۰ی زایینی ڕێژەی بەرهەمی کلتووری لــە بەرنامەی منداڵانەوە تا شــانۆ و درامای کوردی زیاتر و ناسنامەی ڕاگەیاندنی کوردی لەئاست ئەمڕۆ بەرچاوتر و نیشتمانیتر بوو، ترسی ئەوکاتی ڕژێمی ئێران هێندە بوو کە هەر ماوەی جارێک و لە ناوچە کوردییــەکان ســەتەلایتیان کــۆ دەکردەوە. ئەگەرچی ئێســتاکە ڕێژەی سۆشــیالمیدیا زیادی کــردووە بەڵام بەرهەمــی کلتووریی کــوردی وەکوو پێویســت زیــای نەکردووە، ڕێژەی کەناڵی ئاسمانیی کوردی بەرز بۆتەوە بەڵام سەرنجی بەشــێکی زۆر لە خەڵک ڕوو لــە میدیا غەوارەکانە. میدیــاکان نەیانتوانیوە وەکوو پێویســت کاریگەر بن لەسەر ڕێنووس و ڕێزمانــی پاراوی کــوردی؛ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەکارهێنانــی وشــەی عەرەبی وفارســی لە نێوئاخاوتنی تاکی کورد زیاتر دەبیســترێت و

پێویستە سەرجەم ئەم خاڵانە خەسارناسی و چارەسەر بکرێن.

بڕێک ڕاگەیاندنی کوردی، لای بەشێکی کۆمەڵگە هێشتا نەناسراون یان ناویان نەبیستراوە و هاوکات ڕاگەیاندن و میدیا فارسییەکان پتر لای ئەو بەشە ناسراون و باش وایە هۆکارەکانی وەبیندرێت. ڕەنگە خۆ نوێ نەکردنەوە، بایەخ نەدان بە خواستی بینەر، لەبازنەیەکدا خولانەوە، بەس نەبوونی ڕێژەی زانیاری بۆ بینەر و تاکڕەهەندی بوونیان، لە هۆیەکانی ئەو مژارە بێت. زۆربەی ڕاگەیاندنە کوردییەکان خۆ دەبوێرن لە بانگهێشتکردنی دەنگی جیاواز کە وەک میوان بەشداری بەرنامە بێت یان ڕێگە نادەن بۆچوونی جیاواز لە میدیاکەیانەوە بڵاو بێتەوە یان سانسۆڕی دەکەن و یەک لەو هۆکارانەیە کە ڕێژەی بینەران بۆ کەمترین ئاست دادەبەزێت. ڕاگەیاندنی پیشەیی، کارناسان و سیاسیگەلێک کە سەر بەوان نەبن بانگهێشت دەکات و ئیزن ئەدات لەو پێگەیەوە تەنانەت ڕەخنە لە حیزبی سپۆنسەریان بگیرێت، کەچی زۆربەی ڕاگەیاندنی کوردی هاوشێوەی میدیای داگیرکەران دەنگی جیاواز سانسۆڕ دەکەن. هەروەها لە تایبەتمەندیەکانی کلتووری حیزبگەرایی کوردی ئەوەیە هەر لایەنێک ڕێکخراوی مافی مرۆڤی تایبەت بەخۆی هەیە. لەو بابەتە خراپتر، نەبوونی ڕۆحی هاوکارییە لە بابەت داکۆکی لە مافی مرۆڤی کورد تا ئەو ڕادەیە کە ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤی کوردی، پێی قەبووڵ ناکرێت ڕێکخراوێکی دیکەی مافی مرۆڤی سەر بە لایەنێکی دیکە، وێنەی کۆڵبەرێکی کوژراو لە ماڵپەڕەکەی هەڵبگرێت و لە پێگەی خۆی دایبنێت و تەنانەت هەڕەشەی سکاڵای لێ بکات. نەبوونی ڕۆحی هاوکاری و یەک وەرنەگرتن، باڵی بەسەر ڕێکخراوەیەکدا کێشاوە کە کار بۆ مافی مرۆڤی کورد دەکات و ئەمەش لای کۆمەڵگەی کوردی گومان لە ئامانجی کارەکەیان و بێمتمانەیی هەمبەر سەربەخۆبوونی ڕاگەیاندنی کوردی ساز دەکات.

میدیای کوردی نابێ بەشوێن حەزەکانی کۆمەڵگەدا بڕوات و بە مەیلی خەڵک هەنگاو بنێت؛ میدیاگەلێک لەبری ڕاهێنانی تاکی وریا و بیرمەند، بە حەز و خواستی کۆمەڵگا پەخش دەکەن؛ لەکاتێکدا پێویستە پڕۆگرامی میدیای کوردی کۆمەڵگە ڕاچڵەکێنێت و بەخەبەری بێنێت. تاکی کورد بداتە بەر ڕەخنەی توند و ڕیشەیی، بەرپرسیارەتی ساز بکات و بیخاتە سەر هێڵی بیرکردنەوە. بەڵام مخابن میدیای کوردی هێشتا نەکەوتۆتە وەها چاخ و قۆناغێک. یان هاوتەریبی کاری سیاسی، گەلی کورد پێویستی بە مەستەربینێکی کوردییە کە بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی نەریتی نەگونجاو، لەڕێی هونەری سینەما، تاک بداتە بەر توانج و ڕەخنە. مەستەربین بەبێ ئەوەی بێڕێزی بە گەلێک یان چینێک بکات، تاکی هەڵپەرەستی کۆمەڵگەی بریتانی ئەدایە بەر توانج و جگە لەوەی بینەر دەخاتە پێکەنین، فێری کلتوور و شێوازی هەڵسوکەوتی شیاوی ڕۆژانەی دەکات.

ڕەوتێکی نوێ کە لە نێو ژمارەیەک دەرهێنەری کورد باوە، کەڵکوەرگرتنە لە مژاریڕەش(سوژە سیاه). بۆ وێنە ئەو بەشە لە دەرهێنەران، بۆ ڕاکێشانی سەرنجو سۆزی بینەر، کەڵک لە ئەکتەری خاوەن پێداویستی تایبەت یان خەتەنەی کچان وەردەگرن کە بە بڕوای شارەزایانی سینەما بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: ١- هاوشێوەی سینەماکارانی وڵاتانی پێشکەوتوو تەکنیکیان لەبەر دەستا نییە و بە هەڵبژاردنی «مژاری ڕەش» خۆ نیشان ئەدەن. ٢- بەرهەمەکانیان بۆ وەرگرتنی خەڵات ساز دەکەن. لە خەسارەکانی ئەم ڕەوتە ئەوەیە سیمایەکی دیکە لە کورد نمایش دەکات بۆ وێنە «کورد» و «خەتەنەی کچان» لە ڕستەیەکدا لە زەینی بینەری

غــەواره جێ دەهێڵێت. چونکــە گەلی کورد ئێســتاکە لە شــەڕێکی هەمەلایەنەیە لەگەڵ داگیرکــەران، ئەرکی سەرشــانی چالاکان و هەروەها ســینەماکاران قورسترە؛ خولڵقاندنی بەرهەمێک کە بەبێ مەترســیی گیانی بۆسەر دەرهێنەر، پرســی کورد بکاتە ڕۆژەڤ هونەرە و کاریکی پیرۆزە.

## زانستی میدیایی (media literacy)

بۆ ئــەوەی مــرۆڤ نەبیتە بەشــێک لە زۆرینــەی کۆمەڵانێــک کــە پێــک دێن لە جەمــاوەری ئاســایی و گوێڕایــەڵ، یان بە حەشیمەتکراو (تودە شــدە) کە بە هاسانی لەلایەن میدیاکانەوە ئاراستە دەکرێن، دەبێ تا ڕادەیەک هێڵە فکرییەکان، وشە و ڕستەکان، هێماکان و لەوان گرینگتر ڕەوتەکان بناسێت. ئەگەر تاکی کورد سپۆنسەری میدیاکانی ناسی و ئاگاداری مێژوو، سیاســەت و ئایدۆلۆژییان بێت، ڕســتە و دێڕ و هەواڵەکان دەناسێتەوە و بــە فام پێ کردنی، بڕوا بــە هەر هەواڵ و زانیارییەکــی چەواشــاکارانە نــاکات. پاش بینینی هەر زانیارییەک هەڵوێســت نەگرێت، لێکۆڵینــەوەی بۆ بــکات و ســەرچاوەکەی بزانێــت کــە نەبینە بەشــێک لە پرۆســە و ئامــرازی داگیرکەران یــان ململانەی نێوان هەلپەرەستان.

«ئۆرتێگا ئی‌گاست» فەیلەسووفی سپانیایی لە ناوەڕاســتی ســەدەی بیســتەم، باس لە دەرکەوتنی مرۆڤی حەشیمەتکراو (تودەشدە) دەکات کە هێندە زۆرن ســەرڕێژیان کردووە. بەبڕوای ئی‌گاست، خەڵکانی «حەشیمەت‌ئاسا» لە هەموو شــوێنێک ئامادەن و لەســەر هەر بابەتێک بەبێ بیرکردنەوە و تێفکرین، بە مافی خۆیان دەزانن بۆچوون و هەڵوێستیان هەبێت. لە پێناسەی وەها مرۆڤێکدا دەڵێت: کەسێکە کــە دوودڵی و دڕدۆنگی بــە خۆیا ناهێنێت، ژیانــی بەبێ ئامانــج بەردەوامە و دیلی ژیانی دووپاتبوونەوەیە؛ ئەو کەســەیە کە لەلایەن میدیاکانــەوە ئاراســتە دەکرێــت و هەرچی دەرخــواردی بدەن بەبێ هیــچ دوودڵییەک وەری دەگرێــت. لــە هــزری ئی‌گاســتدا، مرۆڤی بەحەشــیمەتکراو ڕۆبۆتێکە لە لایەن میدیاکانەوە قورمیــش دەکرێت و میدیاکان بەرەو هــەر ڕێچکەیەک بیانەوێ ئاراســتەی دەکــەن. دەڵێت بــاوەڕی مرۆڤــی ئەمڕۆیی بــە میدیــاکان لە جــۆری بــاوەڕی مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاستە و بەحەشیمەتکراوەکان (تودەشــدەای‌ها) لە لایــەن میدیاکانەوە بە بارمتە گیراون.

ئێســتا ڕێــژەی سۆشــیالمیدیا و کەناڵە ئاســمانییەکان کە بە گشــتیی بۆ بانگەشەی ئابــووری، بیروباوەڕی ئایینــی و ئایدۆلۆژی، سیاسی و هتد بەکار دێن، یەکجار زۆرە بەڵام مەرج نییە هەموویان ڕاســتوێژ بن و ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن ئەرێنی و بەکەڵک بێت. پێویستە ئەو ڕاســتییە بزانرێت، سپۆنسەرانی میدیــاکان لەخــۆڕا کاتی خۆیــان ناکوژن و تێچووی زۆر خەســارناکەن کــە هەواڵەکان بەڕێــی شاشــەیەک و بێ‌بەرانبــەر بخەنــە بەردەســتی بینەر. هەر ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیایەک سیاســەت یان ئایدۆلۆژییەکی لە پشتە و بەگشتی میدیای سەربەخۆ بوونی نیە. هەروەهــا هەن ڕۆژنامەوان و چالاکوان کە بە ڕواڵەت سەربەخۆن بەڵام لایەنێکی سیاسییان لە پشتە، تێچووی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت و شێوەســوپایەکی ســایبێریی ئــەو لایەنە سیاســییە پاڵپشــتیی دەکات و بــۆ تیرۆری کەسایەتی، شکاندن، ڕەش‌کردن و سەمپاشیی زەینی کۆمەڵگە کەڵکیان لێ وەردەگیرێت کە لە دنیای سیاســەتدا ئەم کەسانە بە لۆمپەن پێناسە دەکرین.

داگیرکەرانــی کوردســتان بە شــەڕی نــەرم ڕاناوەســتن و بە کردنەوەی ســەدان و ڕەنگــە هەزاران پێگەی ســاختە (فیک) و ســێبەر، هەواڵی ناڕاست دەورووژێنن و بەبێ هەســت پێ کردن، ناکۆکــی لە نێوان دەنگە

جیاوازەکانی کورد زەق دەکەنەوە و هۆگرانی حیزبەکان بەگژ یەکدا دەکەن. لێرەدا تەنیا ئاستی وریاییی تاکی کورد و بەرزبوونی زانستی میدیاییە کە دەتوانێت وەها پیلانێک پووچەڵ بکاتەوە بە کەمترین تێچوو لێی تێپەڕ بێت. هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بەر بە چالاکیی پێگە و بەگشتی سۆشیال‌میدیاکان بگرێت و ڕۆژانە گەورە و پچووک سەردانیان دەکەن. لێ ئەوەی پێویستە کورد بیزانێت، ناسینەوە و شێوازی بەکارهێنانی میدیاکانە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێویستە جگە لە حیزبەکان، لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە، خوێندەواریی کۆمەڵگە بەرزتر بکرێتەوە و هەروەها ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ناوخۆ بە هاوکاریی کارناسان و پسپۆڕانی بواری میدیایی، لەو چوارچێوەیەدا کۆڕ و سیمینار بۆ کۆمەڵانی خەڵک ڕێک بخەن. شێوازی کەڵک وەرگرتن لە میدیا (زانستی میدیا) ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن بەکاری بێنین لێی زەرەرمەند نەبین.

پێش دەستپێکی بینین و خوێندنەوەی هەواڵ، ئەم خاڵانە ڕەچاو بگیرێت: ١ ڕێژەی زانیاریی ڕۆژانە لە ئەنتەرنێت کۆتایی نایات بەڵام پێویستیش ناکات هەموویان ببینین و وەیانخوێنین، تەنیا بەدواداچوونی ئەو پێگانە بکەین کە پێویستمانە و جێی متمانەن. ٢ هەر هەواڵێکمان بۆ هات بڕوای پێ نەکەین ئەگەر سەرچاوە و بەڵگەکانی بڕواپێکراو نەبن. ٣ خۆ ببوێرین لە ناردنەوەی ئەو هەواڵانەی متمانەمان نییە لە ڕاستبوونی. ٤ سەیری دیمەنی ڕووداوی دڵتەزێن کە ناخمان ئازار دەدات نەکەین و نەینێرینەوە. ٥ لانیکەم بزانین کام سەرچاوە هەواڵەکەی بۆ یەکەمجار بڵاو کردووەتەوە. ٦ سەرەتا بە گومانەوە لە ناوەرۆکی هەواڵەکە بڕوانین و بزانین ئامانج لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و زانیاری و شرۆڤەیە چییە. ٧ سەرچاوەکە بێ‌لایەنە یان هەواڵەکانی لەچوارچێوەی لایەنگریدایە. ٨- سەرنجی شێوەی داڕشتنی هەواڵەکە و ئەو وشانە بدەین کە تێیدا بەکار هاتووە. ڕەنگە ئەگەر چەندجار و هەر جارەو لە ڕوانگەیەکی جیاواز هەواڵەکەمان خوێندەوە، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە بە مەبەست یان بۆ بەلاڕێدا بردنی زەینەکان داڕێژراوە. جاری وایە زۆربەی میدیاکان ڕووداوێک ڕووماڵ دەکەن بەڵام هەرکامەو زەینی تاک بەرەو لایەک دەبات. شێوازی ڕاپۆرتنووسین و بەکارهێنانی وشەکان یەکجار گرنگە بۆ وێنە لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژی ١٤ی جۆزەردان (3 June2020) کەناڵی ئاسمانی BBC لەبری ئەوەی لە سەردێڕی هەواڵەکەدا بنووسێت ڕێژەی کوشتنی کۆڵبەران لەسەر دەستی کۆماری ئیسلامی زۆری کردووە، نووسیبووی:»ڕێژەی تەقەکردن لە کۆڵبەران لەپاش بڵاو بوونەوەی پەتای کۆڕۆنا زۆری کردووە» کە ئەمە شاردنەوەی ڕێژەی کوشتنی کۆڵبەران و ئەو جەنایەتەیە کە لە ئارادایە. سەردێڕی ڕاپۆرتێکی ساڵی ڕابردوو (٢٠١٩)ی هەمان کاناڵ بەمشێوە بوو: «سەیرکەرانی تۆپێ پێی عەرەب لە ئەهواز دروشمی ڕەگەزپەرستییان دەوتەوە» لەکاتێکدا شارۆمەندانی عەرەب کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەرکوت دەکرێن، هەوڵیان دابوو لەو دەرفەتە بۆ گەیاندنی دەنگی ڕەوای خۆیان کەڵک وەرگرن.

سیاسەتێکی وەها لەلایەن هەندێک کەناڵی ئاسمانیی کوردیشەوە لە ئارادایە و لە ڕاپۆرت و هەواڵەکاندا، بە بەکارهێنانی زیرەکانەی وشەگەلێک، زەینی تاکی کورد سەمپاشی و تووشی پشێوی دەکەن. لە بۆڵتەنی هەواڵی یەکێک لە میدیاکانی باشووری کوردستاندا باس لەوە دەکرا کە دانیشتوانی ڕۆژاوای کوردستان سووتەمەنییان نییە بۆ زستان بیسووتێنن و وتوویژیان لەگەڵ چەند شارۆمەندێکیش کردبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا لە باشووری کوردستانیش سووتەمەنی نەبوو خەڵک بیسووتێن. مژارێکی دیکەی ڕاگەیاندنی کوردی ئەوەیە کە جەختێکی زۆر

له گوندیبوونی کورد دەکرێتەوە؛ میدیایەکی کوردی ڕاپۆرتی لە گوندێکی ئەمریکا ئامادە کردبوو کە کوردانی نیشتەجێی ئەو گوندە کە هەرچەندە لە ئەمریکا دەژیان بەڵام بە گۆچانەوە شوانییان دەکرد، دەچوونە بازاڕی زێڕفرۆشان و ژیانیان هاوشێوەی ژیانی گوندییەکی کوردستان نەریتی بوو. ڕاپۆرتی ئەو کەناڵە کوردییە لەسەر وەها شێوازێکی ژیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەواییدانە پێی، ناپیشەییانەیە و دەکرا دانیشتوانی ئەو گوندە کە هێشتا شوێن نەریتەکان کەوتوون بخاتە ژێر پرسیار و ڕەخنە کە بۆچی لە بەهێزترین وڵاتی دنیا، شوێن زانست و تەکنەلۆژیا نەکەوتوون؟. یان میدیایەک بەردەوام سەرنجی بینەر دەخاتە سەر بڕێک ڕووداو و پرسی کۆمەڵایەتیی لاوەکی و نالۆژیک کە بابەتیانە نییە. بۆ وێنە بەها دان بە ڕووداوگەلێکی ڕۆژانە وەک دۆزینەوەی کارگی کوێستان لەلایەن شاخەوانێکەوە، جگە لەوەی نابابەتییانەیە، جۆرێک هەوڵی پۆپۆلیستییە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر.

زانستی میدیا ڕوونی دەکاتەوە کام سەرچاوە و سۆشیالمیدیا شیاوی کاتکوشتنن؛ کۆماری ئیسلامی لە ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە ڕانەوەستاوە؛ سیاسەتی بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە وەها سەرکەوتوو بووە کە لەبری یوتیوب و فەیسبووک (کە چاوی خەڵک لەهەمبەر پرسە سیاسیەکان زیاتر دەکاتەوە)، زۆرینەی کۆمەڵگە ئینستاگرام بەکار دەهێنن کە پتر بۆ هاوبەشکردنی وێنە و دیمەنی کاری ڕۆژانە کەڵکی لێ وەردەگیرێت. هەروەها لەکاتێکدا تەلەگرام و فەیسبووک هەردووک فیلتەر کراون، بەڵام کۆماری ئیسلامی توانیویەتی سەرنجی کۆمەڵگە لە فەیسبووک دوور بخاتەوە و تەلەگرام بکاتە ڕۆژەڤ بۆ ئەوەی دەستی خەڵک کەمتر بگاتە زانیارییەکانی دەرەوەی جوگرافیای ئێران و پێوەندیی لەگەڵ شارەزایان و چینی ئاکادمیکی سیاسی کەم بکاتەوە. فەیسبووک ئەو توانایەی تێدایە کە تۆڕێکی بەربڵاو لە ئاڵوگۆڕی زانیاری لەناو بەکارهێنەرانی ساز بکات و بەکارهێنەر زیاتر لە سۆشیالمیدیاکانی دیکە بە دەرەوە دەبەستێتەوە.

## زیانەکانی ململانێی ڕاگەیاندنی نێوخۆیی کورد

بە درێژایی مێژوو، یەکێک لە زەقترین هەڵە ستراتێژییەکانی کورد شەڕی ڕاگەیاندنی نێوخۆیی بووە کە جگە لە چڕبوونەوەی گرژییەکان و ڕەنجبەخەسار بوونی حیزبەکان، کۆمەڵگەی بەسەر چەند بەرەدا دابەش کردووە و شارچیەتی، ناوچەگەرایی و ناتەبایی لێ کەوتۆتەوە. ناکۆکیی نێوان سیاسییەکان لەڕێی میدیاوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو ئەندامانی حیزب، لایەنگران و کۆمەڵگە. ئاستی بەگژداچوونەوەی خەڵک، هاوتەریبی ناکۆکیی نێوان لایەنەکان بەرز و نزم دەبێت؛ لەگەڵ بەرزبوونی ناکۆکیی لایەنەکان لە ڕاگەیاندن، بۆشایی نێو بەرەکانی کۆمەڵگە گەورەتر دەبێت و گرژیی لێ دەکەوێتەوە تا ڕادەیەک کە لە باشووری کوردستان سووتاندنی بارەگای حیزبەکانی لێ دەکەوێتەوە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێژەری سەر بە لایەنێک هەڕەشەی شەڕی براکوژی دەکات.

لەبەر کەشی ڕەخساو، هەرێمی کوردستان بووەتە ناوەندی ململانێکانی ڕاگەیاندنی زۆربەی حیزبەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێژەیەکی بەرچاو میدیا و پێگەی نەناسراو لەو بەشەی کوردستان چالاکن کە هەرکام لای خۆیەوە پڕوپاگەندە بۆ لایەنێک دەکات. بە دانپێدانانی چەند سیاسییەکی باشوور، «سۆشیالمیدیا» لەو بەشەی کوردستان حوکم دەکات. لەپاڵ ئەو

پێگانەی کە بە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و ڕوون‌کردنەوە ڕۆڵی ئەرینی دەگێڕن، برێکی زۆر پێگەی سێبەر هەیە کە بە ڕواڵەت سەربەخۆن بەڵام کار بۆ حیزبەکان دەکەن و سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و ڕەش‌کردنن.

جووڵاندنی هەستی نەتەوەیی و سۆزیاری، ڕێگەیەکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی تاکی کورد لە لایەن ڕاگەیاندن و پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە بە مەبەستی ململانێی حزبیی. وێنەی فۆتۆشۆپ کراو، تێکەڵ‌کردنی سەری شێر و داڵ لە تەنیشت کەسانی سیاسیی پیرۆزکراو، دیمەنی کیژی کوردی ڕازێندراو بە ئاڵای کوردستان و بەرزکردنەوەی دووپەنجەی هێمای سەرکەوتن، دیمەنی کاروانی ئوتۆمبێلی بەرپرسی سیاسی لەگەڵ سروودی حەماسی و شەکاندنەوەی دەیان ئاڵای کوردستان و دیمەنی بەرپرسانی سیاسی کە بۆ وێنەگرتن چوونە سەنگەرەکان تەنیا بۆ وروژاندنی گەنجانی دڵگەرمە، ئەگەرنا هیچکام لەمانە پرسی کورد چارەسەر ناکات. پرسی کورد لە مەیدانی خەباتی ڕاستەقینەی شەڕ و دیپلۆماسی دەڕواتە پێش و سیاسیی ڕاستبین و ژیری دەوێت نەک کاری سیمبولیک. ئێستاکە دەیان پەیجی سێبەری لایەنگری حیزبەکان بەم چەشنە سەرنجی گەنجانی خوێنگەرم ڕادەکێشن و وزەی خۆیان خەسار و کلتووری وەهم و خەیاڵ لە ناو کۆمەڵگەدا چێ دەکەن.

### تاک سەرچاوەیی

غەدرێک کە ڕاگەیاندنی خۆیی لە تاکی کوردی کردووە ئەوەیە کە هەندێکیان ڕاستییەکان وەک خۆی باس ناکەن یان نیوەی ڕاستییەکان دەڵێن و کۆمەڵگە بەلاڕێدا دەبەن. لە بری بەڕێوەبردنی شەڕی دەروونی دژی داگیرکەران، دژی لایەنەکانی دیکە دەیکەن و کۆمەڵگەش بە خۆیانەوە تێوە دەگلێنن. برێک لایەن بە هۆی کەمتەرخەمی و گرنگی‌نەدان بە بابەتی بنەڕەتیی دامەزراندنی ڕاگەیاندن، یان ناکۆکی و ململانێی نێوحیزبی، هێشتا میدیایەکیان لە ئاست حزب نیە بەڵام هاوکات برێک هێز و دەسەڵاتی کوردی بە داهاتێک (کە ڕەنگە بە ناحەق لە بەردەستیان بێت)، چەندین پێگەی ڕاگەیاندنی پڕ زەرق و بەرقیان لە کەناڵی ئاسمانی تا سۆشیال‌میدیا و میدیای سێبەر هەیە کە لە دژی لایەنە کوردییەکانی دیکە بەرنامە پەخش دەکەن. تەنانەت توانیویانە قەڵەمی برێک ڕۆژنامەوان، توانای ڕەوانبێژان، بەهرەی نووسەران و هونەری هونەرمەندان بە پارە بکڕنەوە و بیانخەنە خزمەت بەرژەوەندیی خۆیان. ڕۆژانە بە دروشمی بریقەدار و پاشناوی کوردییەوە بە مەبەستی حیزبی و لەدژی لایەنە کوردییەکانی دیکە ڕاگەیاندن دەکەن. ئەم تێچووانە بەبێ هۆ ناکرێت و ئامانج و پیلانی لە پشتە؛ ئەگەرنا سیاسەت‌کردن، ئەویش بەرانبەر کۆمەڵگەی کوردی، مانا و هۆکارێکی دیکەی نییە جگە لە شەڕی دەروونی لە دژی کورد و ئەمەش دوورە لە پرەنسیبی خەباتی نیشتمانی.

بە نەبوونی زانستی میدیایی، ناسینی ئەم پێڕە لە سەرچاوەی میدیایی بۆ کۆمەڵگە هاسان نابێت. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە تینووی ئازادی و چاوەڕێی هەواڵی خۆشە، زیاتر گوێبیستی ئەو ڕاگەیاندنانە دەبن کە دروشمی نەتەوەیی و بەڵێنی گەورە ئەدەن. ئەو سەرچاوانەش دەست دەخەنە سەر خاڵی لاوازی کۆمەڵگە و بە وتار و دروشمی بریقەدار و پۆپۆلیستی، دەست دەگرن بەسەر زەینی کۆمەڵگە و لە بەرژەوەندیی حیزبی خۆیان ئاراستەیان دەکەن. ئامانج لەوە، شۆردنەوەی مێژوو، لەخۆ داماڵینی سیاسەتی نانیشتمانی، کردنی«خیانەت» بە«هەڵە و تاکتیک» وچواندنی «ئاشبەتاڵ» و «پەلکێشکردنی داگیرکەران» بە «دەستکەوتە». ئەزموون سەلماندوویەتی هەر میدیایەکی

کوردی هەڵگری دروشمی بریقەدار و گەورەترە، یان بە بڵاو کردنەوەی دیمەنی شەڕ و سروودی نیشتمانی و پیرۆزییە نەتەوەییەکان سوار شەپۆلی هەست و سۆزی کۆمەڵگە بووبێت، بەهرەی کەمتر تێدایە و تەنانەت لە وێستگە هەستیارەکانی مێژوودا ئەگەر بەرژەوەندیی خۆی تێدا نەبووبێت، ڕێگری کردووە لە بەئەنجامگەیشتنی پرسی کورد.

بۆ ئەوەی کەسایەتیی کورد خویندنەوەی ڕاستەقینەی هەبێت بۆ زانیارییەکان، تووشی پشێوی نەبێت و لێکدانەوەی هەڵە بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان نەکات، پیش هەرشتێک باش وایە ئەم ڕێکارانە بگرێتە بەر: ١- تاک سەرچاوە نەبێت و ڕاگەیاندنی لایەنە کوردییەکانی دیکەش و تەنانەت میدیای دوژمنانیش ببینێت. ٢- لە کتێب و ماڵپەڕەکاندا مێژووی لایەنەکان بخوێنێتەوە چونکە پێشینەی هەر لایەنێک ناسنامەیەتی. ٣- دەمارگرژی (تعصب) بخاتە لاوە. هەر کوردێک مافی خۆیەتی لە ناخەوە لایەنێک یان چەند لایەنی کوردیی خۆش بوێت، بەڵام بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بەبێ دەمارگرژی بێت. ٤- لێکۆڵەر بێت. هەواڵێک چەندجار و لە چەند ڕوانگەی جیاوازەوە بخوێنێتەوە و بۆ زانینی زانیاریی زیاتر، سەردانی پێگە جیاوازەکانی دیکە بکات کە بزانێت پێگەکانی دیکە چۆن باسیان لێ کردووە. ٥- گەڕان (سەرچ) بەناو ماڵپەڕەکان. هێشتا تاکی کورد ڕا نەهاتووە بۆ گەیشتن بە وڵامی ئەو پرسیارانەی لای ساز دەبێت، بەناو ماڵپەڕەکاندا بگەڕێت. پێویستە هەر کوردێک لای خۆیەوە لێکۆڵەرێک بێت و بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵانەی دەیبیستێ و دەیبینێت، خۆی بە گەڕان لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕابهێنێت. ٦- بڕوا بە هەر شرۆڤە و هەواڵێک نەکرێت، چونکەمەرج نییە هەر زانیارییەک ڕاست بێت. ٧- بەکارمان نەهێنن و ئاراستەمان نەکەن. ئیزن نەدەین ڕاگەیاندنی پۆپۆلیست، بە دروشمی هەستبزوێن لە ڕاستییەکان دوورمان بخاتەوە و بمانخاتە سەر ڕێچکەی بەرژەوەندیی خۆیان.

مرۆڤی ئاسوودەخوازی ئێستا، بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکان لەسەر پرسێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان مێژوویی، بەدواداچوون ناکات و خۆی ناخاتە نێو ئەرک؛ بەڵکو چاوەڕێ دەکات کەسێک و لایەنێک شرۆڤەی بۆ بکات و بە دەنگ و ڕەنگ بیخاتە بەردەستی. ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ئەو ڕاگەیاندنانەی کە دەیانهەوێت کۆمەڵگە لە بەرژەوەندیی خۆیان ئاراستە بکەن. وەها مرۆڤێک، خۆی دەسپێرێتە دەست میدیا و کەس و خۆی لەناو یەکڕەهەندیی (تکبعدی) ڕاگەیاندن و سەرچاوە، واتا یەک ئایدۆلۆژیا قەتیس دەکات. یەکڕەهەندیی بیرکردنەوە لە بابەتەکاندا لە ئاکامی خۆ سپاردنە بە دەستی یەک یان چەند سەرچاوە کە دەرهاویشتەیان لێک نزیکە و ئاکامەکەی ئەبێتە کۆمەڵگەیەک کە بە هاسانی ئاراستە دەکرێت و دەکەوێتە سووری هەڵەی مێژوویی؛ کۆمەڵگەی لەو شێوەیە کە لێکۆڵەر نەبێت، ئەو شکستانەی لە ڕابردوو بەسەری هاتووە سەرلەنوێ ئەزموونی دەکاتەوە.

ناگەینە وڵامێکی ڕاستەقینە ئەگەر بێلایەن لە چەندین سەرچاوەی جیاواز، بەشوێن وڵامی پرسیارەکانماندا نەگەڕێین. چونکە میدیا و ڕاگەیاندنەکان کە لەڕواڵەتدا بێ لایەنن، وەک مارکێتە پڕلە زەرق و بەرقەکان، هەرکام ئایدۆلۆژیای خۆیان وەک کاڵایەک لە ڤیترین نمایش دەکەن و هەر ئەوانەشن کە زۆرترین بەردەنگ و بیسەریان هەیە. کەواتە ئەگەر بڕیارە مژار و بابەتێکی گرنگ ڕوون بێتەوە، بە لێکۆڵینەوەی بێلایەن، چەندین سەرچاوەی جیاواز و بەتایبەت لاپەڕەکانی مێژووی پێوەندیدار هەڵبدرێتەوە و بە بێ دەمارگرژی لەگەڵ لۆژیک و ژیرانە هەڵەسەنگاندنی بۆ بکرێت.